No friend , but the mountains !

**دۆستێک جگە لە چیاکان !**

رەشاد -  مستەفا سوڵتانی

202010 03




میلان کوندێرا دەڵێت: بۆ لە ناو بردنی نەتەوەیەک هەوەڵین هەنگاو سڕینەوەی یادەوەری ، کتێبەکانی ، فەرهەنگ و مێژووکەیەتی..
نووسەری بە ناوبانگی کورد جەناب بیهروزی بوچانی ڕۆمانێکی بە ناوی دوستێک جگە لە چیاکان!" لە زیندانەکانی وڵاتی ئوسترالیا کە لە   "   لە دووڕگەی مانوس هەڵکەوتون وەک : زیندانەکانی – مایک،دیلتا،فۆکس وئوسکار- وەک شاکاری ئەدەبی نوسیوە و بڵاو بوەتەوە .جەناب دوکتور هاشم ئەحمەدزادە ڕۆمانەکەی بە زمانی کوردی و دوکتور ئومێد تۆفیقیان بە زمانی ئیگلیزی تەرجومە کردووەتەوە . تەرجومە کوردیەکەی کاک هاشم شارەزایانە و وەستایانە و بە شێوەیەکی پاراو و قەشەنگ و ڕەوان کراوە و، چڵە پۆپەی داهێنانی تێدا بە دێ دەکرێت . جەناب بیهروزبۆچانی لەم ڕۆمانەدا ، هەموو کارەساتە دڵتەزینەکان : سیستەمی بیڕەحمانەی حکومەتی ئوسترالیا لە زیندانەکاندا، پەیوەندی ناجوامێرانەی زیندان وانەکان ، هەڵخەڵەتاندنی  شارۆمەندی خۆجێی (پاپوو ە کان* ) دوورگەکە بە مەبەستی دابەزاندنی سیستەمی سەرکوت لە زیندان ودەنگ و هاواری زیندانیەکان لە بەرانبەر سیستەمی داسەپاو،کە باری سایکۆلۆژی زیندانیەکان بەرەو بەستێنی خەمۆکی وڕەوان پەریشی پاڵپێوەنراون باس دەکات .
.ڕۆژانە شەڕێکی بێ سنوور لە نێوان زیندانیەکان ( پەنا بەران *) وکاربەدەستانی زێندان هەیە و زیندان وانەکان هەرگیز ناتوانن دەنگی پەنابەرانی زیندانی کپ کەنەوە .ژیان بە هەموو تان و پۆکانی تاڵی و خۆشییەوە بە سەر زیندانیەکاندا ڕووخاوە و نائومێدی لە دەریای هزری ئەواندا شەپۆل دەدات.
  تەرجومەکەی دوکتور هاشم ئەحمەد زادە بەشێوەیەکی مەنتیقی بلاوین و دڵگیرە کە خوێنەر وەک ئاسن ڕفێن بە شوین خۆیدا دەکێشێت و هەرگیز ماندووی ناکات .  تەرجوموکەی کاک هاشم پەجشانێکی دڵگیر و ڕەوان و کاراکتری شەخسیەتە کان لە فورم و شیوازی هێرش بەری نەناس لێکدەداتەوە . جار و باریش لە هونەری ساتیر بۆ گەیاندنی هزر و بیری زیندانەکان کەڵک وەر دەگرێت.
ئیعترازی زیندانیەکان وەک پەلەقاژیی زیاتری نێو داو و تەونی خاڵجالۆکە ناو دەبات.

و زیندانیەکان فرە بێزار و هەلومەرجی چارەنوسیان لە نێوان مەرگ و ژیاندا باس دەکات ودەشوبهێنێت. ئارەزوەکانی زیندانیەکان هێواش هێواش و وردە وردە بەرەو ئامانجێکی نەبینراو بار دەکەن . بە تایبەت دوکتور هاشم لە تەرجومەکەدا شارەزایانە خۆی لە بواری تایبەتمەندیەکانی سروشت ،جیهانی بیولۆژی و ژیانی گیانلەبەران داوە و زانستیانە باسیان دەکات . تەرجومە کوردیەکە شاکارێکی جوان و ساکار و پەخشانێکی دەوڵەمەند و گرانبەهای زمانی کوردیە . هیوادام خامەی دوکتور هاشم ئەحمەدزادە ، وەک جاری جاران ڕەنگین و پڕ بەهرە وکاردانەوەی فرە تری لە سەر باری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی کوردی هەبێت. کتێب فرۆشی هەرزان ، لە ستۆک هوڵم ئەم ڕۆمانەی چاپ و بڵاو کردووەتەوە.
تەواو

لە یاری شەترنجدا ئەزمونەکان راستین و بە پێچەوانەی شەڕیماڵوێرانکەر ، هێزەکان بەرابەرن .یاری شەترنج پلان دارێژراوە . لە یاری شەترنجدا ئامێری سەرکەوتن زۆر و فشار نیە بەڵکوو هزر و تێگەیشتنی مرۆڤە. لە شەڕی شەترنجدا زەربەلێدان بە نۆبەیە . ئەمما لەشەڕی ماڵوێرانکەر هیچ دەرفەتێك بە دوژمن نادرێت . خۆزگە مەیدانی " شەڕ " هەر تەنیا لە یاری شەترنجدا دەبێندرا و دەبوو.
........................................................................

١-پاپووەکان : شارۆمەندیی خۆجێی کە لەدوورگەکە نیشتەجین و حکومەتی ئوسترالیا بۆ سەرکوتی پەنابەران لە زیندانیەکان دایمەرزاندون. .
Native people

٢-پەنابەران : ریفیوجی کە لە وڵاتانی بیرمە، سریلانکا ، کوردستان ، یەمەن ،ئەفگانستان ، سووریا ، عێراق و ئێران خۆیان دەرباز کردووە و گەیشتونەتە ئوسترالیا و بەخێرایی بۆ زیندانەکان گواستراونەتەوە.

Refugee